

# چاویلکەیەکی هۆشمەند ڕکابەرێکی جیدی گوگڵ گلاس

گوگڵ گلاس، کە یەکەم چاویلکەی هۆشمەند بوو لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە بەرهەم هـــات، دواتر زۆر کۆمپانیا هەوڵیاندا چاویلکەی هۆشـــمەند بەرهـــەم بێنن، بەڵام هیچیان وەك ســـۆنی نەبوو بە ڕکابەرێکی جیدی بۆ گوگڵ گلاس. چاویلکەی هۆشـــمەندی سۆنی بەناوی smart eyeglass attaché دەکرێت لەســـەر هەر چاویلکەیەکی ئاسایی دابندرێت. ئەو وێنە و فیلمانەی لەو چاویلکەیە نیشـــان دەدرێن تەواو ڕەنگین. بەهۆی ڕیمۆت کۆنترۆڵەوە دەتوانرێت سەیری وێنەو فیلمەکان بکەی.







# فلاشێکی تایبەت بۆ وێنەگرتنی لە تاریکیدا

ئەم فلاش کامێرایەی کە وێنەکەی دەبینن دەخرێتە ســەر مۆبایل، بۆ وێنەگرتن لە تاریکیەکی ئەنگوستەچاودا وێنەی ڕووبەڕوو لە خۆت بگری. فلاشـــەکە زۆر بچووکە لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە. بە ئاســانی دەچێتە شـوێنی دانانی هیدفۆن لە مۆبایلدا. بەهۆی هەشت LED فلاشەکە، ڕووناکییەکی زۆر گونجاوی هەیـــە بۆ گرتنی وێنەی ڕووبەڕوو بە کوالیتیەکی باش و ڕوون. بەهەر شەحنکردنەوەیەك دەتوانرێت هەتا ســەد وێنە بگرێت. هەتا ئێستا زۆرتر لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێت و ڕەنگە لە داهاتووشـــدا بۆ ئایفۆنیش بەرهەم بێت.

# داتاشۆیەکی بچووک بە کوالیتییەکی بەهێز

داتاشۆ ئەو ئامێرەی کە بۆ نیشاندانی وێنە لەسەر دیوار یان پارچەیەکی سپییە، بۆ وانە وتنەوە، بۆ سیمینار و کۆڕ بۆ نیشاندانی فیلم لە شوێنە گشتییەکان سوودێکی باشی هەیە. کۆمپانیای ZTE ڤیدیۆ پرۆژکتەر (داتاشـــۆ)یەکی بەرهـــەم هێناوە بچووکە و لەگەڵ سیســـتەمی ئەندرۆید دەگونجێت و توانای نیشـــاندانی فیلمی بە کوالیتی HD هەیە. هاوکات لەگەڵ نیشـــاندانی فیلـــم دەتوانرێت لە ئینتەرنێتیش ســـوود وەربگری. ڤیدیۆ پرۆژکتەری spro2 وەك ئامـــاژەی پێکرا سیســـتەمی ئەندرۆید دەخوێنێتەوە، فیلم، پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن بە خێراتر دەبینی. ڕیمۆت کۆنترۆڵی تایبەتی خۆیشـــی لەگەڵدایـــە. جگە لەوەش شاشەیەکی 5 ئینجی لەگەڵدایە و ڕامەکەی 2 گیگابایتە. شەحن دەکرێتەوە. هەر پرۆگرامێکی ئەندرۆیدیش کە حەزت لێ بێت دەتوانی لەســـەری دابەزێنی. وەك (هاپ)ێکیش دەتوانرێت هەتـــا دە ئامێری مۆبایل لە تۆڕی GLTE4ی خۆیدا بگونجێنی.




# مۆبایلێکی تایبەت بە ڤالانتاین

لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەکی ژاپۆنی مۆبایلێکی نوێی بەناوی heart واتە (دڵ) بەرهەم هێناوە، مۆبایلەکە دیزاینەکەی وەك دڵ دەچێت بە سووڕاندنی لە ناوەندەوە وەك شێوەی دڵی لێدێت، ئەگینا لە حاڵەتی ئاساییدا وەك مۆبایلێکی دیکەیە، مۆبایلێکە هیچ تایبەتمەندییەکی نوێی تێدا نییە، وەك مۆبایلە کلاسیکییەکان دەچێت، شاشەکەی رەش و سپییە. نە کامێرای تێدایە و نە هیچ شتێکی دیکە، تەنیا دەتوانی بەهۆیەوە پەیوەندییەکان وەڵام بدەیەوە و پەیامەکان بخوێنیتەوە. زیاتر وەك ستایل و دیزاین سەرنجڕاکێشە ئەگینا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.



# فرۆگ تیڤی ئامێرێک بۆ یاری ئەلکترۆنی

تەکنەلۆژیای نوێ جیهانی یاریکردنیشـــی گۆڕی، یارییە فۆلکلۆرییەکان تەنیا ناویـــان لە فەرهەنگ و قامووســـدا ماوە و بوونە مێژوو، هـــەر ڕۆژە و ئامێرێکی یاری ئەلکترۆنی دەکەوێتە بازاڕ، پلەی ستەیشـــن، ئیکس بۆکس، پی ئێس پی... تـــاد. لەم دواییەدا فرۆگ تیڤیش ناوی هاتە ناو ئامێـــری یارییە ئەلکترۆنییەکان. FROGE tv بەرهەمـــی کۆمپانیای razerە، ئەم ئامێرە بچووکە دوو ئەرك ئەنجام دەدات، بە بەســـتنەوەی بە هێڵی ئینتەرنێت دەتوانرێ لـــە یارییەکانی گوگڵی پلەی چوار کەس پێکـــەوە یاری بکەن، هەم دەکرێت ئەم یارییانەی لـــە کۆمپیوتەردان بەبێ گرفت بیانکاتەوە. لەبواری هاردوێر (سەختە ئامراز)یشەوە گونجاوە، رامەکەی دوو گیگابایتە. کارتی گرافیکی گونجاوی لەســـەرە. سیســـتەمی بلوتوس 4ی لەســـەرە، جگە لە چەند کەلێنێکی دانانی کێبڵ، شـــوێنی دانانی «ئەتەرنێت گیگابایت» دانانی usb و دانانی کێبڵی HDMI بۆ پەیوەندی دانی لەگەڵ تەلەڤزیۆن تێدایە.



# مەچەکبەندی تەندروستی چاودێری مۆبایل



لە پێشانگەی ساڵانەی CESی ئەمساڵدا، کۆمپانیای لینۆڤ رۆڵێکی چالاکی بینی، چەندین بەرهەمی خۆی لەم پێشانگایەدا خســـتەڕوو، یەکێك لەم بەرهەمە دیجیتالیانـــە مەچەکبەندێك بوو بەناوی Vibe band VB10یە. مەچەکبەندە هۆشمەندەکە شاشەکەی 1.43 ئینجە و لەجۆری E-inkە. مەچەکبەندەکە بەبێ شەحنکردنەوە هەتـــا هەفتەیەك کار دەکات، بە تەڕبـــوون تێکناچێت. گرنگترین تایبەتمەنـــدی بازنە دیجیتالییەکە ئەوەیە کە هەر دوو سیتســـەمی ئەندرۆید و ios دەخوێنێتەوە. دەتوانرێت ئەو هەنگاوانەی دەیان پێوی بژمێرێ. ڕێژەی کالۆری سووتاو نیشان بدات. مەودای رۆیشتوو بزانی و ئـــاگاداری خەوی بەکارهێنەرەکەی بـــێ. پەیوەندی و پەیامەکان نیشـــان دەدات، لە پەیامەکانی فەیسبوك و تویتەریش ئـــاگادارت دەکاتەوە. توانایەکـــی بازووبەندەکـــە ئەوەیە کە ڕێگا نادات بەکارهێنەر لە مۆبایلەکەی دووربکەوێتەوە، هەرکە مۆبایلەکەت لەبیرچوو ئاگادارت دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکـــی زۆر لەم ماوەیەدا گرفتیان لە فەیســـبووك بۆ هاتۆتە پێش کە ڤایرۆســـێك بـــڵاو بۆتەوە، هەموو فەیسبووکیشی گرتۆتەوە ئەم ڤایرۆسە گرتە ڤیدیۆیەکی پۆرنۆ (ڕووت) لە پەیجەکانیاندا نیشان دەدا کە گوایە ئەوانە ئەم گرتە ڤیدیۆیەیان پەسند یان واتە لایك کردووە، دەڵێن چۆن بکەین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە: ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر. لە بەشی home واتە (ماڵ) بچوونە سەر بەشی setting (ڕێکخستن) لەوێدا بچوونە ســـەر بەشی timeline and... لەودا بەپێی ریزبەندی ئەم خاڵانە بکە. Only me بکە بە Off ئەوەی تریشیان هەر وا لێبکە. دواهەمینیان بکە بە NO ONE. ئیدی لە کۆڵ ڤایرۆسەکە دەبنەوە.



# منداڵ و تەکنەلۆژیای سەردەم

ئامێــری kizOn کە لەلایەن کۆمپانیای LGیەوە بۆ منداڵان بەرهەمهاتووە، لەم دواییەدا لەلایەن کۆمپانیایەکی مەزنەوە کە ئەم جۆرە بەرهەمانە هەڵدەسەنگێنێ گەورەترین خەڵاتی وەرگرت. ئامێری ناوبراو هی منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتاییە. دایك و باوكان دەتوانن لە ڕێگەی دوورەوە بەهۆی مۆبایلەکانیانەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بن. ئامێری kizON بەهۆی تۆڕی G3, wifi,GPS لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، ئەو شــوێنەی منداڵەکان لێی جێگیرن بۆ دایــك و باوکیان بەڕێ دەکات. بەهۆی ئامێرەکەوە دایك و باوکان دەتوانن باشــتر لە منداڵەکانیان دڵنیا بن. تەنیا ئەوەندە بەســە ئامێرەکە وەك بازووبەندێك لە مەچەکی منداڵەکە بخرێت، کارایی ئامێرەکە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو منداڵەکانیش دەتوانن بە داگرتنی دوگمەیەك پەیوەندی بە دایك و باوکیانەوە بکەن و پێکەوە قسە بکەن. ئامێری ئاماژە بۆ کراو، دژە ئاو و تۆز و خۆڵە رامێکی 64 گیگابایتی هەیە. باترییەکەی هەتا 36 کاتژمێر دانابەزێت.



# بە پێنووس و چەتاڵ لەسەر ئەم تەبلێتە بنووسە

تەبلێت یان مۆبایل بەشــێکیان قەڵەمی هۆشــمەندیان لەگەڵە، واتە قەڵەمێك کە دەکرێت بەهۆیەوە لەســەر شاشەکەی ئەوەی مەبەستتە بنووســی. کۆمپانیای لینۆڤ تەبلێتیکی بەرهەم هێناوە بەناوی یۆگا2 کە دەکرێت بە هەر شتێکی نووکتیژ وەك، قەڵەم جاف، قەڵەم دار، یان کلیل و تەنانەت کەوچکیش پێی بنووسی.

تەبلێتەکــە ویندۆز8ی لەســەرە، شاشــەکەی 8 ئینجە و فــول ئێچ دییە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم تەبلێتە ئەوەیە 426 گرام کێشیەتی، واتە کەمتر لە نیو کیلۆ. تەنکیەکەی 2ملم و نیوە. کامێرای پشتەوەی 8 میگاپیکسلە. میمۆری ناوخۆی 32 گیگابایتە. دوو سپیکەری لەگەڵ دایە.



# سایتێکی تایبەت بە هونەرمەندان

سایتی www. Put It On.com سایتێکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشە کە لەودا ئەو کەسانەی داهێنان دەکەن لە بواری هونەریدا وەك (شــێوەکاری، وێنەگری، مۆســیقا، فیلم) بەرهەمەکانیان لەو سایتەدا بخەنەڕوو یان تەنانەت بیفرۆشن. ناونووسین لەم سایتەدا بە خۆڕاییە. گیگابایتێك شوێن بۆ هەر بەکارهێنەرێك بێ بەرامبەر دەبەخشــێ. هونەرمەندان دەتوانن فایلی دەنگ و ڤیدیۆ و تابلۆی هونەری لەم سایتەدا دابنێن و هەتا دەتوانن بۆ لایەنگرانیان پرۆگرامی ڕاستەوخۆ بڵاو بکەنەوە.